کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-5-2007 17:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دوو وشەی دایک و کورانە بۆ وەزیری شارەوانی... شاسوار حیتۆ

ئەوەی زانیومانە لە هەموو دنیا ئەگەر یەکێك لە ئاست بارێك نەبی خۆی لە ژێر بارەکە نادات و زۆر بە سەر بڵندیەوە داوای لی بوردن دەکات بۆ ئەوەی خەڵکەکە زیاتر ڕێزی لی بگرن بڵێن کاکە بەخوا ئینسانێکی باشە زۆر بە سەراحەتەوە گوتی ئەمە کاری من نیە؟! بەڕێز وەزیری شارەوانی حوکومەتی هەرێمی کوردستان (بعد تحیە) ... بەڕێزم ئێمە وەك میلەتی کورد زۆر شانازی بەوەوە دەکەین کە حکومەتێکی خۆمان بەم چەند ساڵە کورتەی خۆیەوە و کەم ئەزمونیەی لە ئیدارەکردنی وڵات تا ئێستا توانیوێتی چەندین (وەزیرە) دابمەزرێنێت لە کابینەکانی خۆی بە پێی ئیمکانیەتی ئەو کەسە و ئەو ئەزمونەی کە هەیانە لەو مەجالەی کە کاری تێدا کردوە، ئەمە شانازیە بۆ هەموو میلەتی کورد کە بە دنیا دەڵێن ئێمەی کورد توانیمانە بەم شێوە دیموکراتیانەو دانی مافی هەموو چین و توێژێك خۆمان بەڕێوە بەرین. بەڵام داخم خەریکە لەم شتانەی کە هەیە پەشیمان دەبینەوە چونکە جەنابت شتێکی وات نەکردوە لەو ڕۆژەی کە دەست بەکار بووی تا ئەمرۆش لە پۆستەکەت بەڵکو ئەوەی کرابوش لە پێشی تۆ وەستاوە... ئەوەی من زانیومە هەموو وەزیرێکی شارەوانی ئەگەر لەگەڵ پاك کەرەوەێکی شەقامەکانیش نەبینرێت بەڵام خۆ لەگەڵ فەرمانبەر و ئەندازیار و دەبی ببینرێت کەچی تۆ لەم هەموو خەلکە خۆتت شاردۆتەوە، من نازانم بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پرسیار لە تۆ ناکات ئەری بۆ وا دەکەی باشە خۆ هەموو ئەوانەی لە مەجاڵی حوکمەت کار دەکەن دەزانن جەنابت لە ژورەکەت ناهاتیە دەرەوە ناشێیە دەرەوە. وا دیارە سوێندت خواردوە تا ئەو ڕۆژەی پێت دەڵێن خوشکی ئازیز فەرموو بۆ ماڵی خۆت لە گونجێکی ژوری ماڵی خۆت دانیشە با ڕۆژ لێت نەدات پێستت ڕەش نەبێت نایێیە دەرەوە کەسیش نەبینیی. سکرتێرەکەشت ببە با لە سەر جیرانەکانت یا کەس و کارت هاوار بکات... ئەزیزم ئەگەر ترسی نان برین نەبی کەس لە تۆش و سکرتێرەکەشت ( ... ) قەبوڵ ناکات دەمەوی ئەوە بزانیت کورد لەوەتەی هەیە لە کەسی قبوڵ نەکردوە چەندین ساڵ بەرامبەر دڕندەترین دکتاتۆری سەر زەمین وەستاوە بەڵام لەم زروفەی ئێمە حەق نەماوە دەنا تۆش و سکرتێرەکەت بە دەردی ئەوانەی وا یان لە خەلك کردوە دەچی، چونکە ئەم وەزارەتەی کە جەنابت وەزیرایەتی بۆ دەکەی وەزارەتی فەقیرو بەد بەخت و وەزارەتی ناو خەڵکە، ئەزیزم نەك وەزارەتی خۆ لە خەلك شاردنەوە هاوار کردنە سەر خەلك دەتوانی ئەگەر مەجاڵت هەبی لە سکرتێرەکەت بپرسە بزانە بۆ فەرمانبەر و بەرێوبەر و ئەندازیار و هەتا خودی (مستەشارەکانی) وەزارەتی شارەوانی حوکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوا دڵ پرن و بێتاقەتی دایگرتون یا لەگەڵ هەندی لە بەڵندەرەکان و ئەندازیارانی وەزارەتەکەت کۆببەوە بۆ چەند خولەکێك بزانە بۆ وایە بزانە بۆ هەموو پرۆژەکان وەستاوە. خۆ هەر یەکێکیان بۆی برەخسێت قژ بە سەرتەوە ناهێڵت، پاشان لە هەموو دنیا بەرێوبەری مەکتەبی وەزیر بۆی هەیە لەگەڵ خەلك یا فەرمانبەری وەزارەتەکە کارەکان بەرێوە ببات نەك سکرتێر ئەزیزم تۆ سکرتێرەکەت لە پشتی پەردەوە وەزیرە... تۆ ئەی وەزیری شارەوانی ژورەکەی خۆت بزانە ئەمەی تۆ وەزیرایەتی بۆ دەکەی هی خەڵکە هی ناو بازارو شەقامەکان و ناو کۆلانەکانی شارن نەك ژورە شەش بە شەشەکەی خۆت، ئەم چەند وشەیە تەنها بۆ ئەوەیە کە بزانە خەلك چاوی دانەخراوە بەڵام قسە ناکەن بۆ چاوی تۆ نیە بەڵکو بۆ خاتری خوێنی ئەو شەهید و خەباتەی چەندین ساڵەی ئەم میلەت وحکومەتەی خۆمانە چونکە زۆر بەت بەختیمان بینی تا گەیشتینە ئەم ڕۆژ و ئاستەی کە ئێستا پێی گەیشتوین جەنابیشت لەم شوێنە دانیشتوی بەڕێزم ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.